# بۆ جێبه‌جێکردنی مادده‌ی ١٤٠، له‌ ئه‌دای سه‌رکردایه‌تی سیاسی کورد ڕازی نیم، چ سه‌رکردایه‌تی سیاسی ئه‌وانه‌ی که‌ له‌ به‌غدان چ حکومه‌تی هه‌رێم ، ده‌یانتوانی شتی گه‌وره‌تر بکه‌ن!

**هه‌ڵگۆرد: به‌ڕای جه‌نابتان ئه‌مریکا له‌ عێراق تا چه‌ند له‌و ئامانجانه‌ نزیك بۆته‌وه‌ که‌ شه‌ڕی له‌ پێناویاندا هه‌ڵگیرساند؟**

د.ڕه‌فیق سابیر: ئاشکرایه‌ ئه‌مریکا کۆمه‌ڵێك ئامانجی هه‌بوو له‌ هاتنی بۆ عێراق، یه‌که‌میان ئه‌وه‌بوو که‌ کۆتایی به‌ ده‌سه‌ڵاتی ئیستیبدادی و فاشی و ڕه‌گه‌ز په‌رست بهێنێت له‌ عیراق، ستروکتوری فیکری و سیاسی و ئایدۆلۆژی ئه‌و حزبه‌ هه‌ڵته‌کێنێت، له‌مه‌دا سه‌رکه‌وت. دووه‌م ئامانجی ئه‌مریکیه‌کان به‌ دڵنیاییه‌وه‌ ئه‌وه‌بوو که‌ له‌ عێراق مۆدێلێکی نوێی حکومڕانی و ده‌سه‌ڵات دابمه‌زرێن‌و ئه‌مه‌ ببێته‌ نموونه‌یه‌ك بۆ ناوچه‌که‌، یان ببێته‌ بنکه‌یه‌ك بۆ دیموکراتیزه‌کردنی ناوچه‌که‌، یان بڵاوکردنه‌وه‌ی دیموکراتی له‌ ناوچه‌که‌دا، له‌م کاره‌شیدا ده‌توانین بڵێین له‌ لایه‌نێکدا هه‌ندێك هه‌نگاوی گرنگ نراوه‌، به‌ڵام زۆر به‌ نیوه‌چڵی و به‌ سه‌ختی ئه‌م هه‌نگاوه‌ به‌ره‌و پێش چووه‌، له‌ عێراق ئه‌مریکیه‌کان دوای ڕووخانی سه‌ددام توانیان سه‌ره‌تای کولتورێکی نوێی سیاسی بێننه‌ ناوه‌وه‌, ئه‌و کلتوره‌ سیاسیه‌ش بریتیبێ له‌وه‌ی که‌ ده‌سه‌ڵات و حکومڕانی له‌ ڕێگه‌یه‌کی دیموکراتانه‌وه‌ ئاڵۆگۆڕی تێدا بکرێت. حه‌قیقه‌تی وه‌زعی عێراق به‌م جۆره‌یه‌، گه‌لی عێراق دوای هه‌شتا ساڵ خۆی نه‌یتوانی به‌تواناو هێزی خۆی گۆڕانێکی گرنگ له‌ عێراقدا بکات‌و پرۆسێسی دیموکراتیزه‌کردنی کۆمه‌ڵی عێراق وه‌ك وڵاتانی بۆ نموونه‌ (ئه‌وروپای ڕۆژهه‌ڵات) بێنێته‌ گۆڕێ، له‌به‌ر ئه‌وه‌ به‌ کۆمه‌کی ده‌ره‌کی, توانرا ئه‌و ده‌سه‌ڵاته‌ بڕوخێندرێت، به‌بۆچوونی من هه‌ر به‌ کۆمه‌کی ده‌ره‌کیش عێراق ده‌توانێ دیموکراتیزه‌ بکرێت، شێوه‌ی دیموکراتیزه‌کردنه‌که‌یش به‌ پێچه‌وانه‌ی ئه‌و پرۆسێسه‌ دیموکراتیه‌یه‌ که‌ له‌ ڕۆژئاوا ڕوویدا, له‌ خواره‌وه‌ بۆ سه‌ره‌وه‌ ناچێ، واتا له‌ناو کۆمه‌ڵه‌وه‌ بزوتنه‌وه‌یه‌کی جه‌ماوه‌ری دیموکراتیانه‌ نییه‌، نه‌بووه‌ که‌ ده‌سه‌ڵات ناچار بکات‌و بیگۆڕێت‌و له‌ جێگه‌ی ئه‌ودا ده‌سه‌ڵاتێکی دیموکراتانه‌ بێت، به‌ڵکو له‌سه‌ره‌وه‌ بۆ خواره‌وه‌، واتا سه‌ره‌تا له‌ ڕێگه‌ی دانی حوکم به‌ نوخبه‌یه‌کی سیاسی دوایی دانانی ده‌ستورێکی دیموکراتانه‌، قانونێکی دیموکراتانه‌ له‌سه‌ره‌وه‌ ورده‌ ورده‌ له‌ ڕێگه‌ی ده‌زگای ده‌وڵه‌تی و هه‌ندێ ده‌زگای تر, ئه‌م پرۆسێسی دیموکراسیه‌ بڕواته‌ خواره‌وه‌ بۆ ناو کۆمه‌ڵ و خه‌ڵك و فێری کلتوری دیموکراتی ببن، ئه‌مه‌ کارێکی ئاسان نییه‌ و زۆریش سه‌خته‌، به‌ڵام له‌م بواره‌وه‌ تا ئێستا چ هه‌ڵبژاردنه‌کان چ مه‌سه‌له‌ی دانانی ده‌ستوورو ئه‌و حکومه‌تانه‌ی که‌ ئاڵوگۆڕیان تێدا کراوه‌ مۆدێلێکی نوێی سیاسی، کلتورێکی نوێی سیاسی هێناوه‌ که‌ ئه‌گه‌ر ئه‌م کلتورو مۆدێله‌ ده‌رفه‌تی پێ بدرێت درێژه‌ی هه‌بێ و بژی و به‌رده‌وام بێت، به‌ بۆچوونی من مرۆڤ ده‌توانێت گه‌شبین بێت به‌رامبه‌ر داهاتووی ناوچه‌که‌. به‌ڵام ئێمه‌ ده‌زانین عێراق ڕووبه‌ڕووی کۆمه‌ڵێك ئاسته‌نگی زۆر سه‌ختر بۆته‌وه‌، هه‌موو ده‌وڵه‌ته‌کانی ناوچه‌که‌ دژی ئه‌و کاره‌ن و به‌ مه‌ترسیه‌کی ده‌زانن بۆ سه‌ر خۆیان، بێجگه‌ له‌وه‌ بۆ ئه‌وان قبوڵ ناکرێت له‌ وڵاتێکدا گوایه‌ عه‌ره‌بیه‌، شیعه‌ حوکمڕان بێت، کورد شوێنێکی گرنگی هه‌بێت له‌ ده‌سه‌ڵاتی سیاسیدا، له‌به‌ر ئه‌وه‌ به‌ بۆچوونی من ئه‌مریکا به‌شێك له‌ ئامانجه‌کانی خۆی به‌ده‌ست هێناوه‌، به‌ڵام زۆر ئامانجی دیکه‌ش ماوه‌ که‌ زۆر به‌ سه‌ختی کاری بۆ ده‌کرێت.

**هه‌ڵگۆرد: ئه‌دای سه‌رکردایه‌تی سیاسی کورد به‌ تایبه‌ت ڕۆڵی جه‌نابی(مام جه‌لال), له‌و ناو ئه‌و هاوکێشه‌و قه‌یرانه‌ گه‌وره‌یه‌دا چۆن هه‌ڵده‌سه‌نگێنن؟.**

د.ڕه‌فیق سابیر: ڕه‌نگه‌ ئاسان نه‌بێت مرۆڤ ئاوا به‌ خێرایی باسی هه‌موو ئه‌و پرۆسێسه‌بکات که‌ له‌ دوای ڕووخانی ڕژێمه‌وه‌ ده‌ستی پێ کردووه‌و شوێن و ڕۆڵی کورد له‌ ناو ئه‌و پرۆسێسه‌دا بخاته‌ به‌ر باس، به‌ڵام ئه‌وه‌ی که‌ ده‌بینرێ و زانراوه‌ ئه‌وه‌یه‌ که‌ به‌ڕاستی به‌شێکی سه‌ره‌کی به‌رده‌وامبوونی ئه‌م پرۆسێسه‌ که‌وتۆته‌ ئه‌ستۆی کورد، ئه‌مڕۆ کورد توانیویه‌تی تا ڕاده‌یه‌ك باڵانسێکی سیاسی له‌ نێوان شیعه‌ و سوننه‌دا دروست بکات، به‌ بۆچوونی من و به‌ بۆچوونی زۆرێك له‌ چاودێرانیش ئه‌گه‌ر ئه‌و ڕۆڵه‌ی جه‌نابی (مام) ده‌یگێڕێت، ئه‌گه‌ر ئه‌و ڕۆڵه‌ نه‌بوایه‌ له‌وانه‌ بوو ئێستا هه‌موو عێراق له‌ناو خوێناوی شه‌ڕی ناوخۆییدا نقومببوایه‌، به‌ڵام ئه‌وه‌ی که‌ گرنگیشه‌ لێره‌دا ئه‌وه‌یه‌ که‌ هێزی سیاسی کورد سه‌رمایه‌گوزاریه‌کی زیاد له‌ پێویست له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌ی دروستکردنه‌وه‌ی عێراق نه‌کات، یان به‌ واتایه‌کی تر هه‌موو هێلکه‌کانی نه‌خاته‌ سه‌به‌ته‌ی عێراقه‌وه‌، به‌ بۆچوونی من ئه‌رکی زۆر گرنگی سه‌رکردایه‌تی سیاسی کورد دروستکردنه‌وه‌ی وڵاته‌، بنیاتنانی بناغه‌ی ژێرخانی ئابووریی کوردستانه‌، دیاره‌ که‌ ئێمه‌ باس له‌و مه‌سه‌له‌یه‌ ده‌که‌ین له‌ ئه‌دای سیاسی کورد، نابێ ئه‌وه‌شمان له‌بیر بچێ که‌ ئێمه‌ گرفتی زۆر گه‌وره‌مان هه‌یه‌ له‌گه‌ڵ ده‌وڵه‌تی عێراق, به‌تایبه‌تی جێبه‌جێکردنی مادده‌ی ١٤٠، له‌م ڕووه‌وه‌ له‌ ئه‌دای سه‌رکردایه‌تی سیاسی کورد ڕازی نیم، چ سه‌رکردایه‌تی سیاسی ئه‌وانه‌ی که‌ له‌ به‌غدان چ حکومه‌تی هه‌رێم له‌م ڕووه‌وه‌ که‌مته‌رخه‌من و ده‌یانتوانی کاری زۆر گه‌وره‌ترو گرنگتر بۆ ئه‌م مه‌سه‌له‌یه‌ بکه‌ن، به‌تایبه‌تی بۆ که‌رکوك و شه‌نگال و ئه‌و ناوچانه‌ی تا ئێستا نه‌گه‌ڕاونه‌ته‌وه‌ سه‌ر هه‌رێم.

**هه‌ڵگۆرد: به‌ رای جه‌نابتان کورد تا کوێ ده‌توانین چاوه‌ڕێی ئه‌م وه‌زعه‌ی ئێستای عێراق بێت ، یان به‌ شێوه‌یه‌کی تر ئه‌و خاڵی وه‌رچه‌رخانه‌ له‌ کوێیه‌ که‌ کورد بڕیاری یه‌کلاکه‌ره‌وه‌ی خۆی تێدا ده‌دات؟**

د.ڕه‌فیق سابیر: دیاره‌ که‌ سه‌رکردایه‌تی سیاسی کورد پێی وایه‌ تا ئه‌و شوێنه‌ی هیوایه‌ك مابێت بۆ ئارامکردنه‌وه‌ی وه‌زعی سیاسی له‌ عێراقدا ئه‌وا به‌ دوای ئه‌و هیوایه‌ ده‌که‌ون، دیاره‌ ئه‌م مه‌سه‌له‌یه‌ ته‌نیا په‌یوه‌ندی به‌ سه‌رکردایه‌تی سیاسیی کورده‌وه‌ نییه‌، به‌ڵکو په‌یوه‌ندی پێش هه‌رشتێك به‌ عێراق و ئه‌مریکیه‌کانه‌وه‌ هه‌یه‌، تا چه‌ند ئه‌مریکیه‌کان له‌سه‌ر ئه‌و قه‌ناعه‌ته‌ ده‌مێنن که‌ تواناو ئیمکانی دروستکردنه‌وه‌ی عێراق هه‌یه‌، ڕه‌نگه‌ تا ئه‌وکاته‌ کورد وه‌کو دۆستێك له‌گه‌ڵ ئه‌مریکیه‌کان به‌شداری ئه‌و کاره‌بکات، به‌ڵام سه‌ره‌نجام ئه‌وه‌ی که‌ بڕیاره‌که‌ ده‌دات، ئایا عێراق به‌ کوێ ده‌گات، له‌ڕاستیدا عه‌ره‌بی عێراقه‌ , یانی کێشه‌که‌, کێشه‌ی نێوان هه‌ردوو گه‌لی عه‌ره‌بی عێراقه‌، ده‌ڵێم دوو گه‌ل چونکه‌ به‌ڕاستی مه‌زهه‌ب توانیویه‌تی عه‌ره‌بی عێراق بکات به‌ دووگه‌ل، هه‌ربه‌م شێوه‌یه‌ که‌ له‌ئایرله‌ند توانیویه‌تی ئایرله‌ندیه‌کان بکاته‌ دووگه‌ل، یان دوونه‌ته‌وه‌، کێشه‌که‌ کێشه‌ی ئه‌وانه‌، تا مه‌سه‌له‌که‌ له‌ نێوان ئه‌واندا ڕوونترنه‌بێت، کورد زۆر زه‌حمه‌ته‌ بتوانێت یه‌کلایه‌نه‌ بڕیاربدات، واتا بڕیار بدات که‌ له‌و پرۆسه‌ سیاسیه‌ بکشێته‌وه‌، ئه‌مه‌ش چاوه‌ڕوان ناکرێت له‌ کاتی ئێستادا.

**هه‌ڵگۆرد: ماوه‌یه‌که‌ ئێران و تورکیا به‌بیانووی (بژاك و په‌که‌که‌) تۆپبارانی سنووره‌کانی هه‌رێمی کوردستان ده‌که‌ن، له‌ هه‌رسێ قه‌زای زاخۆ, پشده‌رو چۆمان. ئه‌و بۆردوومانه‌ زیانی له‌ وه‌زعی سیاسی هه‌رێم داوه‌، به‌ڕای جه‌نابتان پێویسته‌ هه‌ڵوێستی هه‌رێمی کوردستان له‌ به‌رامبه‌ر پژاك و په‌که‌که‌ و ده‌وڵه‌تانی دراوسێ چۆن بێت، به‌ جۆرێك بتوانێ جۆرێك له‌ هاوسه‌نگی بپارێزی هه‌م وه‌ك حکومه‌ت له‌ چوارچێوه‌ی ڕێککه‌وتنامه‌ نێوده‌وڵه‌تیه‌کانی تایبه‌تی به‌ سنوری وڵاتان له‌ لایه‌ك و هه‌م وه‌کو کوردو لایه‌نه‌ نه‌ته‌وه‌ییه‌که‌ش له‌ لایه‌کی تر؟**

د. ڕه‌فیق سابیر: به‌ڕای من ئه‌و تاوانه‌ی ئیمڕۆ ئێران و تورکیا له‌دژی کورد ئه‌نجامی ده‌ده‌ن, ئه‌مه‌ بۆخۆی به‌شێوه‌یه‌ك له‌شێوه‌کان به‌رده‌وام بوونی هه‌مان ئه‌و تاوانانه‌یه‌ که‌ پێشتر به‌رامبه‌ر هه‌رێمی کوردستان یان به‌رامبه‌ر کورد کردویانه‌، ئه‌وان به‌هیچ شێوه‌یه‌ك نایانه‌وێت ته‌نانه‌ت وه‌ك کورد ده‌ڵێت "نینۆکی هه‌بێ خۆی پێ بخورێنێ" له‌به‌ر ئه‌وه‌ ئه‌مه‌ له‌ناوه‌ڕۆکدا به‌شێکه‌ له‌و بروبیانووه‌ی که‌ ئێران و تورکیا دۆزیویانه‌ته‌وه‌ بۆئه‌وه‌ی دژایه‌تی گه‌لی کوردستانی پێ بکه‌ن، به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا مه‌سه‌له‌ی پاراستنی ئه‌و ئارامی و ئاسایشه‌ی له‌کوردستان زۆر گرنگه‌، به‌بۆچوونی من ئه‌مه‌ ته‌نیا ئه‌رکی حکومه‌تی هه‌رێم و کوردی باشوری کوردستان نییه‌، به‌ڵکو ئه‌رکی کورده‌ له‌به‌شه‌کانی تری کوردستانیش، به‌و مانایه‌ پێویسته‌ براده‌رانی پژاك و په‌که‌که‌ خۆیان تێگه‌یشتنیان هه‌بێت بۆ ئه‌و دۆخه‌ی له‌ کوردستاندا هه‌یه‌، ئایا به‌قازانجی کورده‌ ئه‌م حکومه‌ته‌ تووشی تێکشکان و شکستی بێت. له‌هه‌ر وڵاتێکداو له‌وانه‌ له‌ هه‌رێمی کوردستان که‌ ده‌سه‌ڵات هه‌یه‌ خه‌ڵك پێویستی به‌وه‌ هه‌یه‌ درێژه‌ به‌ژیانی ڕۆژانه‌ی خۆی بدات، خوێندکارو مامۆستا ده‌چێته‌ خوێندنگا، جووتیارو وه‌رزێر بچنه‌ سه‌ر کێڵگه‌کانیان، له‌شه‌رائیتێکی وادا، پێویسته‌ تێگه‌یشتن و ڕێزێکیان یه‌که‌م بۆ ئه‌و خه‌ڵکه‌ هه‌بێت، دووه‌م پێویسته‌ ڕێز له‌و حکومه‌ت و په‌رله‌مانه‌ بگرن که‌ ئه‌مڕۆ له‌ باشووری کوردستاندا هه‌یه‌، با ئه‌و حکومه‌ت و په‌رله‌مانه‌ به‌دڵی ئه‌وانیش نه‌بێت، چونکه‌ له‌ڕووی یاساییه‌وه‌ له‌ڕووی سیاسیه‌وه‌ له‌ ڕووی ئه‌خلاقیه‌وه‌ ئه‌م حکومه‌ت و په‌رله‌مانه‌ ئێمه‌ به‌دڵمان بێت یان به‌دڵمان نه‌بێت، ئه‌و ئێستا به‌رپرسه‌ له‌دابینکردنی ژیان و ئارامی و گوزه‌ران و پاراستنی ئاسایشی خه‌ڵکی ئه‌م هه‌رێمه‌، سه‌ره‌رای ئه‌وه‌ی ئه‌م حکومه‌ته‌ خۆی بۆته‌ هیوایه‌ك بۆ هه‌موو کورد بۆیه‌ به‌بۆچوونی من ئه‌وان ده‌بێ تێگه‌یشتنی زیاتریان بۆ ئه‌و وه‌زعه‌ هه‌بێت، هه‌وڵ نه‌ده‌ن گیروگرفت بۆ گه‌لی باشووری کوردستان دروست بکه‌ن، به‌پێچه‌وانه‌وه‌وه‌ چاوه‌ڕوانی ئه‌وه‌یان لێده‌که‌ین که‌ هاوکاری گه‌لی باشووری کوردستان بکه‌ن، له‌لایه‌کی دیکه‌وه‌ ئه‌م مه‌سه‌له‌یه‌ له‌ناوه‌ڕۆکدا مه‌سه‌له‌یه‌کی سیاسیه‌، بێجگه‌ له‌ چاره‌سه‌رێکی سیاسی به‌ بۆچوونی من هیچ ڕێگه‌یه‌کی دیکه‌ی له‌به‌رده‌ستدا نییه‌، ئێمه‌ ده‌زانین په‌که‌که‌ له‌ماوه‌ی ئه‌م ده‌, پانزه‌ ساڵه‌ی دواییدا چه‌ند جارێك ده‌ست پێشخه‌ری ئاشتیانه‌ی خستۆته‌ڕوو، چه‌ندجارێك پێشنیاری دیالۆگی کردووه‌و شه‌ڕو ته‌قه‌ی ڕاگرتووه‌، به‌بۆچوونی من ئێستا له‌دوای ئه‌و گۆڕانکاریانه‌ی له‌تورکیا ده‌ستی پێکردووه‌و له‌ دوای هاتنی (عه‌بدوڵڵا گول) کاتێکی زۆر گونجاوه‌ که‌ په‌که‌که‌ بیر له‌وه‌ بکاته‌وه‌ ده‌ست پێشخه‌ریه‌کی نوێ بخاته‌ ڕوو و جاڕی ئاگربه‌ست بدات، وه‌کو نییه‌ت باشی به‌رامبه‌ر حکومه‌تی نوێی تورکیاو سه‌رۆك کۆماری نوێی تورکیا، باشترین کاتێکه‌ که‌ ئه‌و ده‌ست پێشخه‌ریه‌ بکات و ڕه‌نگه‌ ڕاگرتنی شه‌ڕ یان ڕاگه‌یاندنی ئاگربه‌ست بۆ خۆی له‌ کاتی ئێستادا بایه‌خێکی زۆری هه‌بێت.

**هه‌ڵگۆرد: پێت وایه‌ ده‌وڵه‌تی تورکیا به‌ تایبه‌تی پارتی داد و گه‌شه‌پێدان, به‌و ئاگر به‌سته‌ی (په‌که‌که‌) ڕازی بن و وه‌ڵامێکی پۆزه‌تیڤیان بۆی هه‌بێت، ئه‌گه‌ر په‌که‌که‌ ڕایبگه‌یه‌نێت؟.**

د.ڕه‌فیق سابیر: تورکیا به‌ره‌و گۆڕانکاریه‌کی گه‌وره‌ ده‌ڕوات، تا ئێستا ئه‌و گرێبه‌ستانه‌ی که‌ پێشتر ڕاگه‌یه‌نراون، سروشتی حکومه‌ت و پارسه‌نگی هێزی سیاسی له‌ تورکیادا به‌ قازانجی ئه‌وه‌دا نه‌بووه‌ که‌ ده‌وڵه‌تی تورك به‌ هیچ شێوه‌یه‌ك به‌پیر چاره‌سه‌ری پرسی کورده‌وه‌ بچێت، ئێستا سه‌ره‌تای ئه‌و گۆڕانه‌ ده‌ستی پێکردووه‌، یه‌که‌م ڕاگه‌یاندنی ئه‌م ئاگربه‌سته‌ بۆ خۆی ده‌بێته‌ ده‌سپێشخه‌ریه‌کی سیاسی له‌لایه‌ن کورده‌وه‌ به‌ تایبه‌تی له‌ لایه‌ن (په‌که‌که‌)وه‌، دووه‌م له‌ خراپترین حاڵه‌تدا وه‌کو ئاگر به‌سته‌کانی دیکه‌ وه‌رده‌گیرێت، به‌ڵام به‌ بۆچوونی من دۆخی سیاسی ئه‌مڕۆ له‌ تورکیادا زۆر جیاوازتره‌ له‌ جاران، دوور نییه‌ ئه‌م ده‌ستپێشخه‌ریه‌، ئه‌م جاره‌یان به‌شێوه‌یه‌کی تر وه‌ربگیردرێت، یان به‌لایه‌نی که‌مه‌وه‌ مناقه‌شه‌یه‌کی سیاسی له‌ناوخۆی تورکیادا دروست ده‌بێت، که‌ ئه‌مه‌ بۆخۆی ده‌بێته‌ سه‌ره‌تایه‌کی نوێ، له‌ هه‌مان کاتیشدا ڕه‌نگه‌ ئه‌م ده‌ستپێشخه‌ریه‌ شوێنی په‌رله‌مانتاره‌ کورده‌کان له‌ناو په‌رله‌مانی تورکیادا به‌هێز بکات، تا ئه‌وان به‌ ده‌نگێکی بڵندتر داوای چاره‌سه‌ری ئاشتیانه‌ی پرسی کورد بکه‌ن له‌ تورکیادا.

**هه‌ڵگۆرد: پێشبینی ئه‌وه‌ ده‌که‌یت که‌ پارتی دادو گه‌شه‌پێدانی تورکیا که‌ ئێستا زۆرینه‌ی په‌رله‌مان و سه‌رۆکی حکومه‌ت و سه‌رۆکی ده‌وڵه‌تیان هه‌یه‌، پرۆژه‌یه‌ك بۆ ده‌ستکاری کردنی ده‌ستووری تورکیا پێشنیار بکه‌ن؟.**

د.ڕه‌فیق سابیر: به‌ڵێ، به‌ دڵنیاییه‌وه‌ ئه‌و کاره‌ ده‌که‌ن، ئێستاش ڕێنوسی پرۆژه‌یه‌کیان ئاماده‌کردووه‌ که‌ کۆمه‌ڵێك شتی زۆر گرنگی تێدایه‌، ئه‌وه‌ی که‌ تا ئێستا به‌رچاوی من که‌وتووه‌ له‌ هه‌مووی گرنگتر ئه‌وه‌یه‌ که‌ ئه‌وان ده‌یانه‌وێت به‌ شێویه‌ك له‌ شێوه‌کان پرۆژه‌یه‌ك دابرێژنه‌وه‌، پرۆژه‌ی ده‌ستورێك بخه‌نه‌ ڕوو که‌ که‌مترین, شوێنه‌واری ئایدیۆلۆژیای که‌مالیزمی پێوه‌بێت، پرۆژه‌ی ده‌ستورێکی دیموکرات، نابێ هیچ مۆرکێکی ئایدۆلۆژیانه‌ی پێوه‌بێت، ده‌ستووری ئێستای تورکیا که‌ له‌دوای کوده‌تای ساڵی(١٩٨٠) خرایه‌ ڕوو، یان له‌و کاته‌وه‌ کاری پێ ده‌کرێت، له‌ڕاستیدا ده‌ستورێکی زۆر ڕه‌گه‌ز په‌رستانه‌یه‌، ده‌ستورێکی ئایدلۆژیانه‌یه‌، ڕه‌گه‌ز په‌رستانه‌یه‌ به‌رامبه‌ر به‌کورد، وه‌زۆر بڕگه‌ی دژی مافی مرۆڤ و دیموکراسی تێدایه‌، له‌به‌ر ئه‌وه‌ ئه‌وان ئێستا به‌نیازی پرۆژه‌یه‌کی نوێن، به‌بۆچوونی من ده‌توانن گۆڕانکاری زۆر له‌ده‌ستوره‌که‌دا بکه‌ن، به‌ڵام تا چ سنورێك ئه‌م گۆڕانکاریانه‌ فراوان ده‌بێ ئه‌مه‌یان ده‌بێ چاوه‌ڕوانبین.

**هه‌ڵگۆرد: ڕۆڵی عه‌سکه‌ر له‌مه‌ودوا له‌ تورکیا چ ده‌بێ؟**

د. ڕه‌فیق سابیر: به‌بۆچوونی من ئه‌گه‌ر پرۆسه‌ی دیموکراسی له‌تورکیادا به‌رده‌وام بێت، ڕۆڵی عه‌سکه‌ر هه‌ر هه‌مان ئه‌و ڕۆڵه‌ ده‌بێت که‌ له‌وڵاتێکی وه‌ك یۆنان یان ئیسپانیا هه‌یه‌تی، واتا عه‌سکه‌ر ڕۆڵی له‌ژیانی سیاسی تورکیادا به‌ره‌و کزی ده‌ڕوات، سه‌ره‌نجام به‌ره‌ونه‌مان ده‌چێت، به‌ومه‌رجه‌ی که‌ پرۆسێسی دیموکراسی له‌تورکیادا درێژه‌ی هه‌بێت.

**هه‌ڵگۆرد: گه‌شبینی له‌ئاینده‌ی کورد له‌ تورکیا؟**

د. ڕه‌فیق سابیر: ڕه‌ش بین نیم...ڕه‌ش بین نیم.

**هه‌ڵگۆرد: دوا پرسیارمان ئه‌وه‌یه‌ ئه‌گه‌ر ئێمه‌ له‌گه‌ڵ عه‌ره‌بی عێراق نه‌مانتوانی بگه‌ینه‌ سیغه‌یه‌کی گونجاوی پێکه‌وه‌ ژیانی هێمنانه‌و ڕۆژگار ناچاری ئه‌وه‌ی کردین که‌ گه‌لی کورد له‌ باشوری کوردستان بڕیارێکی چاره‌نوسساز بدات, کام ئه‌گه‌ر به‌ باشتر ده‌زانی، هه‌رێمێکی کۆنفیدڕاڵ له‌گه‌ڵ تورکیادا، یان هه‌رێمێکی فیدڕاڵی سه‌ربه‌خۆ له‌ عیراق؟**

د. ڕه‌فیق سابیر: له‌ رووی باشیه‌وه‌ ئه‌گه‌رێکی واڕوو بدات باشترین شت ئه‌وه‌یه‌ که‌ ئێمه‌ هه‌رێمێکی سه‌ربه‌خۆبین، به‌ڵام ئه‌م کاره‌ له‌ڕۆژگاری ئێستادا به‌بێ پشتگیری ئه‌مریکاو ئه‌وروپا زۆر زه‌حمه‌ته‌ بێته‌دی، ئه‌گه‌ر ئه‌مه‌ نه‌بێت به‌بۆچوونی من ده‌کرێ له‌حاڵێکدا ئه‌گه‌ر گۆڕانێك له‌سیاسه‌تی ده‌وڵه‌تی تورکیادا ڕوو‌بدات‌و ئه‌و له‌وێ به‌شێوه‌یه‌ك له‌شێوه‌کان تایبه‌تمه‌ندی باکوری کوردستان له‌به‌رچاوبگرێت، به‌شێوه‌ی نیمچه‌ فیدڕاڵیه‌ك یان شتێکی تر، له‌وحاڵه‌ته‌دا ده‌کرێ ئێمه‌ له‌گه‌ڵ تورکیادا به‌شێوه‌ی کۆنفیدراڵی بین، به‌ڵام به‌ومه‌رجه‌ی که‌ له‌ژێر چاودێری و سه‌رپه‌رشتی نه‌ته‌وه‌یه‌کگرتووه‌کان یان ئه‌مریکاو یه‌کێتی ئه‌وروپادا بین.

**هه‌ڵگۆرد:** ...زۆر سوپاس بۆ ئه‌و کاته‌ زێرینه‌ی جه‌نابت که‌ بۆ (هه‌فته‌نامه‌ی هه‌ڵگۆرد له‌ چۆمان )تان ته‌رخانتان کرد.

د. ره‌فیق سابیر...سوپاس بۆ ئێوه‌ش هه‌ر سه‌رکه‌وتووبن.

